# بەڵێ وزارەتی ناوخۆ بڕیاری دەرکردنی ئەو قوتابی و کارمەندانەی داوە بەشداری لە خۆپیشاندانەکان دەکەن



(بە داخەوە ئەم وەڵامەم نارد بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاو نەکرایەوە، من دەزانم ڕۆژنامەی سەربەخۆ لە کوردستان نییە، بەڵام دەکرێت چۆن وەڵامەکەی کاک عومەر کلۆڵ سەرۆکی پارتی کەرانی بڵاو کردەوە، بەم شێوەیەش وەڵامەکەی منی بلاو بکردایەتەوە، گوێی نەدایە بە بوونی ناوەکەم لە ناو ئەو ناوانەی لە لیستی ڕەشی ڕۆژنامەکەیدان).

عەلی مەحمود محەمەد هۆڵەند 21-9-2005

هەفتەی ڕابردوو، هەفتەی جم و جۆڵ و کۆبونەوە و چالاکی چڕ و پڕی وزارەتی ناوخۆیی هەرێمی سولەیمانی و کەلار بوو. ئەو زنجیرە کۆبونەوانە لە ئاکامی ئەو پاڵەپەستۆیەوە بەدی هات، کە کرایە سەر وزارەتی ناوخۆیی، بە دوای سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکەی کەلار.
دیارە جێی دەستخۆشی لێکردنە لە وزارەتی ناوخۆ، لە لایەکەوە ڕەخنەیان لە سەرکووتی خۆپیشاندانەکەی کەلار گرت، لە لایەکی دیکەوە هاتنە پای پێویستی بوونی ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، دیارە هێشتا نا ڕۆشنییەك لە بڕیارەکانییان هەیە، گرنگ بڕیاردان نییە بەڵکە گرنگ جێبەجێکردنە.
ئێستا ئەوەی کەماسی بێت ئەوەیە، تاوانبارانی ئاسایش و پۆلیس لە بەرامبەر تەقەکردن لە جەماوەر سزا بدرێن، هەروەها قەرەبووی زیان لێکەوتوان بکرێتەوە.

بەهەمان شێوە هەفتەی ڕابردوو وزارەتی ناوخۆی سلێمانی، دوو ڕونکردنەوەی لەسەر بابەتێکی من بە ناوی کەلاری ئەمجارەو کەلارەکانی داهاتوو. . . . . . . دەرکرد، تیایدا ڕەخنەی ئەوە لە نوسینەکانم دەگرێت، گوایە لەو نوسینەدا من وتوومە وزارەتی ناوخۆیی بڕیاری دەرکردنی ئەو قوتابی و فەرمانبەرانەی داوە کە بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن، ئەمەشی بە بوختان و درۆ داوەتە قەڵەم.

هەمان ڕونکردنەوە کۆپلەیەکی لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 142 بڵاوکراوەتەوە. بۆیە بە تایبەت لە ئاسۆ بڵاو کرایەوە، چونکە من وەك گەواهی دانێك بۆ ڕاستی و دروستی بۆچونەکەم هانام بۆ هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئاسۆ بردووە. ئێستا بۆ وەڵامدانەوەی ڕونکردنەوەکان وزارەتی ناوخۆیی، هانا نابەم بۆ ڕۆژنامەی دیکە و هەواڵی دیکە، چونکە ئەو سەرچاوەیەی هانام بۆی برد تا ئێرە بەسە بۆ داکۆکی کردن لە بۆچونەکەم. ئەگەریش ناڕاستییەك لە بۆچونەکانم هەیەو بوختانم بە وزارەتی ناوخۆییدا کردووە، ئامادەی بەرەو ڕووبونەوەی دادگام هەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەدام هەر وشەیەك دەنوسرێت بە ئامانەتەوە نەبێت، خاوەنەکەی هەقی سزا دان و لێپرسینەوەی هەیە.

من هیچ گازندەیەکم لە ڕۆژنامەی ئاسۆ نییە لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕونکردنەوەیە، مافی خۆیانە ئەو شوێنەی ناوی منی تێدا بێت ب قرتێنن، بەڵام بۆ بێلایەن بوون بەرامبەر بە هەواڵ و ڕاستگۆ بونیان لە بەرامبەر ڕاستی، دەبوایە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕونکردنەوەکەی وزارەتی ناوخۆیی، ئاماژەیەکی بچوکیان بۆ ئەو بڕیارە بکردایە، کە هەر خۆیان لە ئاسۆی ژمارە 90 ی بەرواری 22-5-2005، لە ژێر ناوی ( (ڕێپێوان و مانگرتن لە زانکۆی سولەیمانی قەدەغەکرا) ) بڵاوییانکردەوە، کە بە گرنگترین هەواڵی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەیان زانی.
لە بەشێکی ئەو هەواڵەی ئاسۆدا هاتووبوو:

"سلێمانی"دەرچوودو وەزیری خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەیەکدا پێی ڕاگەیاندووین و ئێمەش خوێندکارانمان لێ ئاگادار کردۆتەوە". هەروەك ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەر ئەو بنەمایە ئەوان خوێندکارانیان ئاگادارکردووە کە بەهیچ شێوەیەك ڕێپێوان ناکرێ مەگەر مۆڵەت وەربگیرێت و پێشوەخت داخوازییەکانیشیان پێشکەش بکرێت تا بزانین چییان دەوێت،

بۆ ...
د. عوسمان عەبدول بەرزنجی ڕاگری ڕاگرایەتیی کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی سلێمانی وتی: "ئەم فەرمانە لە ئەنجومەنی وەزیران

لێرەدا پرسیار دەکەم، ئەرێ گەلۆ وزارەتی ناوخۆ بەشێك نییە لە ئەنجومەنی وەزیران؟، لق بەش نییە لە گشت؟، ئایا ئەنجومەنی وەزیران لە کۆی ئەو وزارەتانە پێك نایات کە خودی حکومەتەکە پێك دەهێنن؟، ئەگەر بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وزارەتی خوێندنی باڵا جێ بەجێکردنی واجب بێت، باشە هەمان بڕیار کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وزارەتی ناوخۆوە هەیە، بۆ پەیوەندی بەو وزارەتەوە نییە؟.

بۆیە دوبارەو هەزار بارەی دەکەمەوە و دەڵێم: بەڵێ وزارەتی ناوخۆ بڕیاری وای داوە، ئەگەر ئێستا پاکانەی لێدەکات و لێی پەشیمان دەبێتەوە، لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وتارەی لەسەر ئەو بڕیارەم نووسی و ئەو وتارو بەیاننامانەی لەسەر ڕاپەڕینی کەلار نوسرا، دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبوو، ئەوە پڕ بەدڵ دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم و پیرۆزبایی لە جەماوەر و ئازادی خوازان دەکەم بۆ ئەم دەسکەوتە گرنگە، بەڵام بەمەرجێ لە داهاتوودا ڕاستگۆیانە بە پراتیك بکرێت.

دەکرا وزارەتی ناوخۆیی گفتوگۆی لەسەر یاسایی بوون و نەبوونی خۆپیشاندانەکان بکردایە، نەك نەبوونی بڕیارەکە. ئەگەر هەواڵەکەی ئاسۆ هەر لە بنچینەوە ڕاست نەبووە، ئەوە پێویستە ڕۆژنامەی ئاسۆ داوای لێبوردن لە فەرمانبەران و قوتابیانی زانکۆی سولەیمانی و هەردوولامان بکات بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست، وە سزای خۆشی وەربگرێت.

ژمارە 90 یەکشەممە
2005/5/22 نرخی 250

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە
خەندان بۆ پەخش و وەشاندن
دەریدەکات
www.xandan.com

دروستکردنی ئەتۆمەیەک لەسەر کاغەز

# ڕێپێوان و مانگرتن لە زانکۆی سلێمانی قەدەغەکرا

**هێمن باقر، سلێمانی:** بەپێی فەرمانێکی بەڕێوەری خوێندنی باڵا "سلێمانی"، زانکۆی سلێمانی مانگرتن و ڕێپێوانی خوێندکاران و فەرمانبەران قەدەغە دەکات.

بەپێی ئەم فەرمانە مانگرتنی خوێندکاران یان فەرمانبەران قەدەغەیە و هەر کەس بیکات لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت و هەموو جۆرە ڕێپێوانێکیش دەکرێت دەبێت پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت. لە فەرمانەکەدا هاتووە ئەو فەرمانبەرانەی کە مانگرن دابڕانیان بۆ دەنووسرێت.

د. عوسمان عەبدول بەرزنجی ڕاگری ڕاگرایەتی کاروباری خوێندکاران لە زانکۆی سلێمانی وتی: "ئەم فەرمانە لە ئەنجومەنی بەڕێوەران "سلێمانی"دا دەرچووە و بەڕێوەری خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەیەکدا پێی ڕاگەیاندووین و ئێمەش خوێندکارەکانمان لێی ئاگادار کردۆتەوە". هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەر ئەو بنەمایە ئەوان خوێندکارانیان ئاگاداركردووە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێپێوان ناکرێ مەگەر مۆڵەت وەربگیرێت و پێشوەخت داخوازییەکانیشیان پێشکەش بکرێت تا بزانین چییان دەوێت. "چونکە خوێندکاری واهەبووە کە بەشداریی مانگرتن و ڕێپێوانی کردووە، کاتێک لێت پرسیوە چییان دەوێت، وتوویەتی نازانم". هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگەر داوا پێشکەش بە ڕاگرایەتی و ئەنجومەنی زانکۆ کراو ئەوان بەسەندیان نەکرد، د. عوسمان وتی: هەموو کەسێک بۆی هەیە داوای ڕەوای خۆی بکات نەک داوایەک کە ڕەوا نەبێت، دەبێ ئەو داوایەی کە دەکرێت، بەرژەوەندیی گشتیی تێدا بێت نەک بەرژەوەندیی تاکە کەس و کۆمەڵێکی دیاریکراو. هەروەک ئەو بڕیارەشی بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەمداو ئاماژەی بەوەشکرد کە هۆکاری دەرچوونی فەرمانێکی لەمجۆرە لەلایەکەوە پەیوەندیی بە باری ئاسایش و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی بە جۆری داواکارییەکانی خوێندکارانەوە هەیە، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەهیچ جۆرێک ئەم فەرمانە دژی مافەکانی مرۆڤ نییە بەڵکو ڕێکخستن و کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکانە تا بەشێوەیەکی هەرەمەکی بەڕێوەنەچێت.



هەموو جیهان دەڕوانێتە جلەکانی ژێرەوەی